
مەلەی دژەرەوت

پەروەردە لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە

عەبدورەحمان ئەحمەد وەهاب



33716

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: مەلەی دژەڕەوت: پەروەردە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە
بابەت: فەلسەفەی پەروەردە
نووسەر: عەبدوڕەحمان ئەحمەد وەهاب
نەخشەسازی و بەرگ: ئومێد سەعید
چاپخانە: کارۆ / سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٥٩٤)ی سالّی ٢٠١٤ی پێ دراوە.

هەموو مافێکی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

داهاتی ئەم کتێبە بۆ هاریکاریی فێرخوازانی کەمدەرامەت وەقف کراوە.

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆک

لاپەڕە

پێشەکی ٦

فەلسەفە و بنەمای پڕۆسەی پەروەردەیی ٢٢

مرۆڤ لە نێوان بوونێکی بایۆلۆجی و

بوونێکی ئەخلاقیدا ٥٤

ناوەندەکانی خوێندن:

زیندانکردن یان ئازادکردنی عەقل؟ ٧١

فراوانکردنی مانا و ڕەهەندەکانی

خوێندەواری ١٠٠

خوێندنەوە و نووسین:

پڕۆسەی بنیاتنان و تێگەیشتنی جیهان ١٣١

خوێندەواریی میدیایی ڕەخنەگرانە و

پەروەردەی دیمۆکراتیک ١٥٨

هەڵوەشاندنەوەی گوتاری دیکتاتۆرییەت

لە پڕۆسەی پەروەردەدا ١٨٩

پڕۆسەی چاکسازی لە سیستەم

یان لە سیاسەتی پەروەردەییدا؟ ٢٣٢

سەرچاوەکان ٢٧٧

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پاش سوپاس و ستایشکردنی ئەو خودایەی کە بەدیهێنەر و جوانکار و پێدەری ویستی ئازاد و توانای بیرکردنەوە و پێگەیەکی عەقڵی و ڕۆحیی ناوازەیە بە مرۆڤ، قسەوباس و لێکۆڵینەوە لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن نیشانەی باوەڕبوونە بەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی خودای مەزن بە مرۆڤەکانی بەخشیوە. پڕۆسەی پەروەردەش ئەو کایە و مەیدانەیە کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوە و ئاشنابوون بەم تایبەتمەندییانە و کۆشش کردن بۆ زانین و کێشان و فراوانکردنی سنوورەکانی مرۆڤبوونی خۆی پێوەی پەیوەستە. بۆیە پەیوەستبوون بە کایە پەروەردەییەکانەوە وەک پڕۆسەی خۆناسین هەمان ئەو مەیدانەیە کە پڕۆسەی خوداناسینی تێدا ڕوو دەدات. بەمەش خودی پڕۆسەی پەروەردە، وەک کایەیەکی فیکری و ڕۆحی و جەستەیی، بە زمانی

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

حال سوپاسگوزاری و ستایشی خودای بەدیهێنەر و هیدایەتدەرە.

ئەم کتێبە بەرهەمی نزیکەی دە سال ئەزموون و بیرکردنەوەی جیددییە لە کایە پەروەردەییەکان. هەڵبەت ئەمە مانای وا نییە کە تەنیا لەو ماوە دیاریکراوەدا من بیرم لە مەسەلەی پەروەردە کردۆتەوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا بە وردەوردە لە ڕێی خوێندنی دکتۆراشەوە پەروەردە بە یەکجاری شێوەیەکی هۆشیارتر و خەستوخوڵتر بیرم لێ کردۆتەوە. وا دەبێتە ئەو دنیا فراوانەی کە ئێدی مەیدانی پسپۆڕی و خولیا و تانوپۆی سنوورەکانی بیرکردنەوەم دیاری دەکات. بەشێکی ئەو بیرورا و گفتوگۆیانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو پێش دەسپێکردنی خوێندنی دکتۆرا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و لە ناو پۆل و گوتوبێژ لەگەڵ هاوڕێکانمدا، لە فێرخوازان و لە مامۆستایان و، لە بەرنامەی ڕادیۆییەوە گوزارشتم لێ کردوون. خوێندنی دکتۆرا لە کۆمەڵناسی و سیاسەتی پەروەردەییدا نەخشی کۆتایی بە تێزی ئەم کتێبە داوە، کە لە بەشێکی بیروبۆچوونەکانی پێشترم پەشیمانی کردووەمەتەوە، بناغەی بەشێکی دیکەیانی تۆکمەتر کردووە و، شارەزایی لە بەشێکی دیکەی گوتاری فراوانی قسەوباس و کایە پەروەردەییەکانیشدا پێداوم. پڕۆسەی نووسینی ئەم کتێبەش خۆی لە خۆیدا لە گەرمەی خوێندنەوە و کارکردن و گفتوگۆکانی پەیوەست بە خوێندنی دکتۆرادا نەخشی گرتووە. ئەمە وای کردووە بەشێکی بابەتە پێشکەشکراوەکان بۆ من گەرماوگەرم بن و، بەشێکی دیکەشیان لە کاتی نووسینەکەدا بمەین و شەقڵی خۆیان

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library